# 24-6-2007 ڕۆژی تۆڵەی ئەنفال " ڕۆژێکی مەزن و مێژوییە لە دیرۆکی نوێی نەتەوەکەمان

**عەلی مەحمود محەمەد**

**ئەنفال ئەو کارەساتە گەورەیەیە , گەورەترین پێشێلی و غەدری لە لایەن نەتەوەکەی خۆیەوە لێکرا , چ لەسەرو بەندی کارەسات و ڕوداوەکە , یاخود لە دوای پرۆسەی ئازاد بوونی کوردستان لە پاش ڕامالێنی سوپای داگیرکەر لە کوردستان بە دوای ڕاپەڕینە پڕ شکۆکەی بەهاری 1991دا .**

**لەسەروبەندی ڕودانی ئەو کارەساتە تراژیدیا گەورەیە , کە زیاتر لە 195 شەو و ڕۆژی خایاند , لە هەموو پرۆسەیەکیدا پێشتر جەماوەری دەڤەرەکان بە ماوەیەك ئاگادارکرانەوە لە هێرشەکان , کەچی لە ڕوی ڕاگەیاندنەوە خۆی بۆ ساز و ئامادە نەکرا , ئەو هەموو مەتەریاڵە مرۆییە لە تاوان لە بەردەستدا بوو , نەتوانرا وێنەیان بگرترێت لە لایەن پارتە چەکدارەکانەوە , بە تایبەتیش هەردوو پارتە گەورەکە , بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەو کارەساتانە بە دۆکۆمێنت بکرێن , کامێراوان بۆ داگیرکردنی ڕەبایە دابیندەکرا , کەچی گوێ نادرا بە کارەساتە مرۆییەکان , بۆ نموونە بە بەرچاوانەوە سەدان هاوڵاتی گوندی گۆپتەپە لە گازی ژەهراویدا بە بەرچاومانەوە خنکێنران , کەسێك نەبوو وێنەیەکیان لێبگرێت , تاکو ئێستا وەك هەڵەبجە ببێتە ناسنامەیەك بۆ نەتەوەکەمان ؟ , هەزاران گوند بە بەر چاومانەوە خاپوور کران , وێنەی دوو لۆزی شۆفەڵمان نەگرت , تاکو لادیوارێك ببێت بە هێمای خاپور کردنی نیشتمانەکەمان , لێ وەك بینیمان گرتنی وێنەی ڕەبایە سەربازییەکان چوونە مێژوییەکی لە بیرچووەوە , کەچی ئەگەر ئەو تاوانانە وێنەیان بگرترایا , بۆ هەتا هەتایە بە زیندویی لە یاداوەریمان دەمانەوە و دەبوونە بەهاترین چەکی پارێزگاریلێکردنمان لە هەمبەر دوژمنان , چ دۆکۆمێنت و شایەدییەك بە ئەندازەی وێنەیەك لەم سەردەمە کارایيان هەیە .**

**غەدرەکە هەر بە وێنە نەگرتنەوە نەوەستا , بەڵکە لە دوای ڕاپەڕینەوەش , تاکو ناوەڕاستی نەوەدەکان , تاك و تەرا و بە گروپی بچووك بچووك , لە چوارچێوەی دەڤەری گەرمیانا کارەساتی ئەنفال یاد کرایەوە , دواتر لە 1995 ەوە بەرەو سەرجەم کوردستان هەڵکشا و بەرەو ئەوە چوو ببێتە یاداوەرییەکی نەتەوەیی , ئەوەی دەسەڵاتداران بیریان لێنەکردەوە ئەنفال و یاداوەری و شوێنەوارەکانی بوو , گەورەترین هەنگاو بۆ بەمێژووکردنی ئەنفال , ئەوەبوو لە لایەن دڵسۆزانەوە 4-14 دیاریکرا بە ڕۆژی ئەنفال , بوونی ڕۆژێك بۆ هەر دیاردەو کارەساتێك , ئەوا ئەو کارەساتە لە بیر ویژدانی ئەو گەلە بۆ هەتا هەتایە بە زیندویی دەیهێڵێتەوە .**

**ئێستا بۆ یەکەمجار لە مێژووی نوێی نەتەوەکەمان , کەسانێك سەرکردایەتی کۆمەڵکوژی گەلەکەمانیان کردووە , ئەمڕۆ لە پای تاوانەکنیان دادگایی دەکرێن , بە تایبەت ئەوانە لە لوتکەی دەسەڵاتدا بوونە , هەرچەندە نابێت دادپەروەری پارچە پارچە بکرێت , پێویستە دەستی دادپەروەری هەموو لایەك بە یەکسانی بگرێتەوە , ئەوانەشی دادگایی نەکراون لەم پرۆسەیە , دەبێت دادگاییبکرێن و پرۆسەی دادگاییکە درێژە بکێشێت لە دوای 24-6-2007 , هەموو ئەوانە بگرێتەوە سکاڵایان لەسەر تۆمار کراوە , یان ناویان لە دۆکۆمێنتەکاندا هاتووە , یاخود لە بیرکراون بیاندۆزینەوەو بە دادگای ڕابگەیەنیین .**

**لە ڕۆژی یەکشەممە 24-6 دوا بڕیار لە سەر دۆزی ئەنفال دەردەچێت, خودی بڕیارەکە لەبەر ئەوەی :**

- **تایبەتە تەنها بە دۆزی ئەنفال .**
- **لە لایەن دەوڵەتی بکەرەوە دەردەچێت .**
- **یەکەمجارە کەسانێکی دەسەڵاتدار , سەر بە نەتەوەی سەردەست , لە ئەنجامی ئەو تاوانانەی لە هەمبەر کورد**

**کردویانه , دەستی دادپەروەری دەیانگاتێ .**

**بۆیە ئەو بڕیارە بڕیارێکی مێژووییە , هەرچەندە بە پێی بارستایی و دڵڕەقی و ئاستی تاوانەکە نابێت , وەلێ بۆ کورد زۆر گرنگە , هەر بەم هۆیەوە دەبێت ئێمە بە یەکێك لە ڕۆژە گرنگەکانی مێژووی نەتەوەکەمانی دابنێین و بە خۆشی و شەوقەوە بەرەو پیری بچین و خۆمانی بۆ سازو ئامادە بکەین , لە کاتی ئەگەری بڕیاری خراپیشدا بە هەموو هێزمانەوە بەرەو ڕوی بوەستینەوە و ڕەتی بکەینەوە .**

**هەروا لە کاتی ڕازیبونمان بە بڕیاری 6-24 " هەرچەندە بڕیار هەرچییەك بێت , لەبەر ئەوەی کەسەکان وەك کەس دادگایی کراون نەك وەك دەوڵەت و سستەم , بۆیە بڕیارەکە بە ئاستی گەورەیی تاوانەکە نابێت " پێویستە لە هەموو کوردستان بە تایبەت ناوچەکانی قوربانیان ببێتە گۆڤەندی تۆڵە , گۆڤەندێك سەرێکی لە مەشرەق بێت و سەرەکەی دی لە مەغریب , ئاخر چ گەلێك هەبووە لە سەر ئەم گۆی زەوییە لە ڕۆژی تۆڵەی خۆیدا شایی و گۆڤەندی بێ ئەمسەر و ئەوسەری نەگێڕابێت , لەمەش زیاتر تۆڵەی قڕکردنی 5٪ هاووڵاتیانی بێت , تۆڵەی ئەو کەسانەمان بێت بە ناڕەواترین شێوە لە عەزابی ئەبەدیدا نرانە ژێر لەوە , دە گەلۆ هەموو پێکەوە با بەرەو گۆڤەندی سەرانسەری ڕۆژی 6-24 ڕۆژی تۆڵەی ئەنفال بچین , ڕۆژێك دوای 19 ساڵ , بۆ یەکەمجار قەڵاسێۆکە و دەشتی کۆیە و گەرمیانی ئەنفالکراوم بەرگی ڕەشی دابکەنێت .**